British Red Cross

Home Office

# پرۆژەی بەتواناکردن و پەیوەنددانی دیجیتاڵی ئافرەتانی پەنابەر

ڕێنمایی بۆ یاوەریکردنی فێربوونی وۆرکشۆپی 1 و 2



## پێشەکییەک بۆ چوونە سەرهێڵ و دەستگەیشتن بە خزمەتەکان لەسەرهێڵ

ئەم ڕێنما وەک ئامێرەێکی پشتگیری نووسراوە بۆ ژنانێک کە لە وۆرکشۆپەکانی پرۆژەی بەتواناکردن و پەیوەندانی دیجیتاڵی ئافرەتانی پەنابەر بەشداری دەکەن. پرۆژەکە بۆ ئەو ئافرەتانە دانراوە کە باری یاسایی پەنابەری، مافی پاراستنی مرۆڤی یان دۆخی یەکگرتنەوەی خێزانی پەنابەریان هەیە و لە بەریتانیادا ژیان دەکەن. پرۆژەکە لەڕێگەی ئابوونەی وەزارەتی ناوخۆ تایبەت بە پشتیوانی و یەکخستنی پەنابەران و داواکارانی پەنابەری پارەی دابین دەکرێت و ئامانجی پرۆژەکە ئەوەیە کە لەو ئافرەتانە کە لە دیجیتاڵ دوورخراون پشتیوانی بکرێت بۆئەوەی توانایان بۆ دەستگەیشتن بە سامانە یەکخستنییەکان و زانیاری لەسەرهێڵ هەبێت.

ئێمە دەمانەوێت سوپاسگزاری بکەین لە ئەندامان و باڵوێزەکانی تۆڕی دەنگەکان (VOICES) کە لەڕێگەی پێشکەشکردنی ڕووناسی ئەزموون و زانستی خۆیانەوە پشتیوانییان لە دروستکردنی ئەم بەڵگە ڕاسپاردانە کردووە.
بەرهەمەکان بە زمانی ئینگلیزی، ئەمەری، عەرەبی، فارسی، کوردی (سۆرانی)، سۆمالی، تیگرینیا و ئوردو لەبەردەستە. هیوا دەخوازرێت ئافرەتانی پەنابەر کە ناتوانن لە وۆرکشۆپەکاندا بەشداری بکەن هێشتا بە سوودبەخشی بزانن کە بەشێوەی دڵخوازی خۆیان لەسەرخۆ کار لەسەر پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی زانیارییەکانی ئێرە بکەن.

## ناوەرۆک


پێشەکی .......... 2
پێشەکی بۆ چوونە سەرهێڵ .......... 4
ئاگەداربوون لە داتای کەسیی خۆت .......... 4
بەکارهێنانی ئنتەرنێت لە بەریتانیادا .......... 7
ئیمەیڵ .......... 9
پەیداکردنی ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێت .......... 10
بەکارهێنانی بزوێنەری گەڕانچی .......... 11
گۆڕاندنی زمانەکان لە وێبگەڕێکدا: .......... 11
وەرگێراندنی پەڕەیەک .......... 13
گەڕان و وێبگەڕی پارێزراو .......... 15
سرینەوەی مێژووی وێبگەڕ .......... 16
سرینەوەی کوکییەکان (Cookies) .......... 16
وێبگەڕانی نهێنی و تایبەتی .......... 16
دوگمەکانی دەرچوونی پارێزراو .......... 17
دایکوباکێتی دیجیتاڵی .......... 17
دەستگەیشتن بە خزمەتەکان لەسەرهێڵ - پەروەردە .......... 18
دەستگەیشتن بە خزمەتەکان لەسەرهێڵ - کار .......... 20
دەستگەیشتن بە خزمەتەکان لەسەرهێڵ - خانووبەرە .......... 22
ئەگەر لە خانووەکەتدا پارێزراو نیت .......... 25
پوختە .......... 25


## پێشەکی

ئەم ئامرازە ناتوانێت بەتەواوی کۆڵینەوەی ئامۆژگاری دەربارەی دەستگەیشتن بە خزمەتەکان لەسەرهێڵ بکات و وەک پێشەکییەکی سەرەکی نیازکراوە کە هیوا دەخوازرێت سەرنجت ڕابکێشێتەسەر هەندێک خاڵی سەرەکی و ئەوەی کە لە کوێدا دەتوانیت زانیاری زیاتر پەیدا بکەیت. سەرەڕای ئەوەش کە ئەم ڕێنماییە هەندێک زانیاری سەبارەت بە مافەکانی تیادایە، بەڵام ئەمە بەڵگەیەکی یاسایی نییە. ئەمە نایاساییە بۆ هەرکەسێک کە باوەڕپێدراو نەبێت ئامۆژگاری کۆچبەریی یان ئامۆژگاری یاسایی بدات. ئێمە ئاماژە بەو ڕێکخراوە پسپۆڕییە پەیوەندیدارانە دەکەین کە دەتوانن بۆ تاکە کەسەکان زانیاری گونجێندراو پێشکەش بکەن ئەگەر بشێت. گرنگە ئاگەدار بیت کە ئێمە هیوا دەخوازین کە زانیاری سەبارەت بە مافەکان و شێوازەکانی دڵنیا کردنەوەی ئاسایش یان

پاراستن پێشکەش بکەین، بەڵام ئێمە ناتوانین بەڵێن بدەین کە زانیاری یان خولێکی ڕاهێنان یان کردارێک دەبێتە ڕێخۆشکەری ئاسایش.

لەدرێژایی ئەم ڕێنماییەدا لەناو تێکستەکەیدا بەستەرە گونجێندراوەکان دەبینیت، کە ئەگەر کرتە بکەیتە سەریان ئەم بەستەرانە دەتبەن بۆ وێبگە ئاماژەپێکراوەکە. بۆ نموونە، ئەگەر کرتە بکەیتە سەر ئێرە ئەوسا دەتبات بۆ وێبگەی ڕێکخراوەی خاچی سووری بەریتانی. لە شوێنێکدا دەکرێت، ئێمە هەوڵمان داوە کە ڕێنماییەکە بەستەرەکانی سامانە وەرگێردراوەکانی تیادا بێت، بەڵام زۆربەی بەستەرەکان لەناو ئەم ڕێنماییەدا بەس بۆ زانیاری بە زمانی ئنگلیزییە. لەکاتێکدا ئێمە دانپێنانی سنووردارییەکانی وەرگێراندنی ئۆتۆماتیکی دەکەین، بەڵام لەناو ئەم ڕێنماییەدا دەربارەی چۆن بەکارهێنانی ئەم فرمانکەرە زانیاریمان پێشکەش کردووە.

ئێمە دانپێنانی ئەوە دەکەین کە گفتوگۆ لەسەر بابەتە پەیوەندیدارەکان بە دەستدرێژی و سەرپێچی تاوانی دەشێت هەستەوەر و زۆرکات کارێکی تابوو بێت. ئەرکی سەرەکی ئێمە و ڕێسای ئازار نەدان مانای ئەوەیە کە ئێمە بانگکراوین کە ئەوەی لە توانماندایە بیکەین بۆئەوەی توندوتیژی لەسەر بناغەی-ڕەگەزی چارەسەر بکرێت، کە بریتییە لە دابینکردنی زانیاری بۆ پشتگیری لە خەڵک کە ئەو بڕاردانەی هەڵبژێرن کە بەتوانایان دەکاتەوە وەهەروەها ئەو بڕیارانەی دەربڕن کە دەیانپارێزێت.

## زاراوە کلیلییەکان

**داتا** - کۆمەڵەیەکی زانیاری ڕاستە، وەکوو ژمارەکان، ووشە، پێوانەکان، لێوردبوونەوەکان یان وەسفکردنی شتەکان

**دیجیتاڵ** - بەکارهێنان یان هەڵگرتنی داتا لەڕێگەی سیستەمێکی کۆمپیوتەری

**داتای گەڕۆک** - چوونەناو ئنتەرنێت بە بێتەل کە لەڕێگای ئامێرەیەکی هەڵگرتنی دابین دەکرێت

**سەرهێڵ** - شتێک کە لەکاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە بە ئنتەرنێت / کۆمپیوتەر پەیوەندیکراوەیت

**داتای کەسیی** - زانیارییێک کە دەتوانێت کەسێک دیاری بکات



## پێشەکی بۆ چوونە سەرهێڵ

بەکارهێنانی ئنتەرنێت هەروەها دەستگەیشتن بە زانیاری و تەکنۆلۆژیای پەیوەندیکردن لەلایەن ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک بەشێکی پێویست لە 'کەمترین ڕادە'ی ستانداردەکانی ژیان[1] لە داهاتوودا دەناسرێت، بەڵام بەریتانیادا زۆر کەس دەستگەیشتنی ئنتەرنێتی گونجاویان نییە یان سەختە بۆیان بچنە سەرهێڵ و لەوێدا زانیارییە پێویستەکە کە دەیانوێت بدۆزنەوە.[2]

### چوونە سەرهێڵ – وایفای (WiFi) و داتای گەڕۆک

**WiFi** (پەیوەندی ئنتەرنێتی بێتەل) زۆرکات لە شوێنە گشتییەکاندا بەخۆڕایی لەبەردەستە، بەڵام زۆر کەس لەماڵەوە ڕێگایەکی جێگیریان بۆ چوونە سەرهێڵ نییە. دەستگەیشتن بە ئنتەرنێت بەگشتی پارەی تێدەچێت، کە یان لەڕێگای پارەدانە بۆ **بەرینباند** ماڵەکەت، یان لەڕێگای بەکارهێنانی بەستەیەکی **داتای گەڕۆک**. بەرینباند جۆرێکە لە پەیوەندی ئنتەرنێتی زۆر-خێرا. زۆرێک دابینکاری وایفای ماڵی هەیە کە گرێبەستی ماوە-دیاریکراو پێشکەش دەکەن.

- ویبگەکانی بەراوردکردن دەتوانن سوودبەخش بن چونکە بۆ بەراوردکردنی خێرایی ئنتەرنێت، داتای تەرخانکراوی ئنتەرنێتی مانگانە، درێژەی گرێبەست و خەرجی ئنتەرنێت **خزمەتێکی بەخۆڕایی** دابین دەکەن. نموونەکانی ویبگەکانی بەراوردکردن ئەمانەیە:
- [تۆ بیگۆڕە (USwitch)] هەروەها [ڕێنمایی هەیە بۆ ئەوەی چۆن بەرینباند هەڵبژێریت]
- [مارکێت بەراورد بکە (Compare the Market)]
- [سوپەرمارکێتی پارە (MoneySupermarket)]

هەندێک خەڵک، لەجیاتی وەرگرتنی بەرینباند، بەستەکانی داتای تەلەفۆنی مۆبایل، و ئامرازەکانی **مایفای (MiFi)** یان دینگڵەکان بۆ **پەیوەست** ئنتەرنێت بە لاپتۆپەکەیان یان کۆمپیوتەری ماڵەوە بەکار دەهێنن. ئاساییانە بەرینباند باوەڕپێکراوتر و خێراترە لە داتای گەڕۆک، بەڵام کارامەیی هەر خزمەتێکی ئنتەرنێتی دەکرێت جۆراوجۆر بێت بۆ نموونە پەیوەندیدارە بەوەی لە کوێدا ژیان دەکەیت، و چەند کەس هاوکات خزمەتەکە بەکار دەهێنن.

**ئایا ئەزانیت چۆن پشکنینی خێرایی ئنتەرنێتەکەت بکەیت؟** سەردانی ئەم ویبگە بکە:
[www.checker.ofcom.org.uk/broadband-test]

### چارەسەرکردنی دوورخراوی دیجیتاڵی

خەڵک لەبەرئەوەی داتا یان ئامێریان نییە، یان بەهۆی نەبوونی زانستی دیجیتاڵی لەوانەیە لە دەستگەیشتن بە خزمەتەکان لەسەرهێڵ خۆیان دوورخراو ببینن.

[ڕێفیوجی ئەکشن (Refugee Action)] بە هاوکاری لەگەڵ [گرینێت (Greenet)]، یەک [پەرتووکی دەستی بۆ دوورخراوی دیجیتاڵی] بەرهەمهێناوە، و هەندێک **ڕێنمایی سوودبەخش** بۆ کڕین یان پەیداکردنی سەرچاوە تایبەتەکانی تەلەفۆنی زیرەک، لاپتۆپ، تەبلێت، مامەڵە ڕێککەوتنییەکانی داتای گەڕۆک و بەرینباند و ڕۆوتەی Wi-Fi لەناو پەرتووکەکەدا هەیە، کە بەپێی کارتێکردنی بریکارانی پشتیوانی پەنابەری [تۆڕی پشتیوانی داواکارانی پەنابەری لە لیدز (LASSN)] و [تۆڕی بێ جێگەتیاژیان (NACCOM)] نووسراوە. ئاگاداربە کە ئەم زانیارییە ڕێکخراوەکان دەکاتە ئامانج، نەک تاکە کەسەکان، بەڵام لەوانەیە هێشتا کەڵکی بۆت هەبێت.

## ئاگاداربوون لە داتای کەسیی خۆت

زانیاری کەسیی هەر شتێکە کە یارمەتی دەدات تۆ بناسێنێت: ناو، تەمەن، ناونیشانی پۆستی، ڕۆژی لەدایکبوون، باری یاسایی کۆچکەریت، کارتی بایۆمەتری، ناونیشانی ئیمەیڵ، زانیاری لەسەر شوێنەکەت، یان ژمارەی پێناسەکان (ID) وەک ژمارەی

---

[1] ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکان - https://www.un.org/sustainabledevelopment/infrastructure-industrialization/

[2] https://www.ons.gov.uk/peoplepopulationandcommunity/householdcharacteristics/homeinternetandsocialmediausage/articles/exploringtheuksdigitaldivide/2019-03-04

بیمەی نیشتمانی (National Insurance Number) یان ژمارەی کارتی بایۆمەتری مافی مانەوە (BRP). بەکارهێنەرانی ئێنتەرنێت کاتێک کە لەسەرهێڵ دەچنەناو خزمەتەکان زۆرکات داوایان لێدەکرێت کە داتای کەسیی خۆیان هاوبەش بکەن.

## بۆچی داتای کەسیی گرنگە؟

خزمەتە سەرهێڵییەکان داتای کەسیی بەکار دەهێنن بۆ ناساندنی کەسەکان و پرۆسەکردنی زانیاری بۆئەوەی کە خزمەتێک بەو کەسانە پێشکەش بکەن. هەروەها لە دەرهێڵ لەوانەیە ببینیت کە زۆرکات داوات لیدەکرێت کە داتای کەسیی هاوبەش بکەیت، بۆ نموونە کارمەندێکی بەرپرسی کەیس لەوانەیە داوای زانیاری کەسیی بکات بۆئەوەی یارمەتیت بدات فۆرمێکی داواکاری پڕ بکەیتەوە. نزیکەی هەموو مامەڵە و کارلێکردنەکان کە لەگەڵ زۆربەی ڕێکخراوەکاندا دەیکەیت هاوبەشکردنی داتای کەسیی خۆتی لەگەڵدایە، وەک ناو، ناونیشانی پۆستی و ڕۆژی لەدایکبوونت.

لەڕووی کەلتورییەوە، بەریتانیا بایەخ لەسەر زانیاری وەک ڕۆژی لەدایکبوون دادەنێت، کە بەشێکە لە سیستەمی تۆمارکردنی یاسایی کە بۆ ناساندنی خەڵک، مافەکانیان، و شایستەییەکانیان بۆ مافی دەستگەیشتن بە خزمەتەکان بەکار دەبرێت. ڕۆژی لەدایکبوون دەشکرێت بەکار ببرێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئاخۆ کەسێک بە گەنج (کەسێک تەمەنی لەسەروەی 18 ساڵە) یان بە منداڵ (ژێر 18 ساڵ) لەبەرچاو بگیرێت.

**ئەم پرسیارانە لەبەرچاو بگرە:**

**ئایا لەبیرتە دوایین جار کە داوات لێکرا زانیاری کەسیی تەرخان بکەیت کەی بوو؟**
**ئایا ئەزانیت کە لەلایەن خزمەتە سەرهێڵییەکانەوە بۆچی لەوانەیە زانیاری داوا بکرێت؟**
**ئایا ئەزانیت چۆن داتای کەسیی خۆت بپارێزیت؟**
**ئایا ئەزانیت چی بکەیت ئەگەر نیگەرانیت هەبێت لەسەر ئەوەی کە چۆن دەکرێت داتاکەت بەکار ببرێت؟**

نموونە باوەکانی کاتێک کە لەوانەیە زانیاری کەسیی داوا بکرێت:

- بۆ ڕاستاندنی ڕۆژی لەدایکبوون و/یان ناونیشانی پۆستی خۆت کاتێک کە تەلەفۆن بۆ پزیشکی گشتی (GP)ت دەکەیت.
- بۆ پێدانی ژمارەی بیمەی نیشتمانی خۆت کاتێک کە تەلەفون دەکەیت بۆ بنکەی کار یان کاتێک کە داوای کارێک دەکەیت.
- بۆ پێدانی ناونیشانی ئیمەیڵی خۆت بە پیشەیەک یان کۆمپانیایەک بۆئەوەی ئەوان بتوانن لە داهاتوودا پەیوەندیت لەگەڵ بکەن.
- بۆ چوونەناو حیسابی بانکی خۆت لەسەرهێڵ لەڕێگەی بەکارهێنانی سیستەمە بایۆمەترییەکان (پەنجەمۆر یان ناسینەوەی دەموچاو)

## داتای کەسیی لەسەرهێڵ - مەترسییەکان

ئێمە سەبارەت بە نەریتەکان یان بەرژەوەندییەکانی خۆمان، لەڕێگای سەردانی وێبگەیەک، گەڕان بۆ کڕینی شتێک، بەکارهێنانی میدیای کۆمەڵایەتی یان هەناردنی ئیمەیڵ، لەسەرهێڵ داتا هاوبەش دەکەین. هاوبەشکردنی داتا بەشێکی دەربازنەبووی بەکارهێنانی ئێنتەرنێتە.

گرنگە لە ئەنجامەکانی هاوبەشکردنی داتا لەسەرهێڵ ئاگادار بیت، وەهەروەها مافەکانت لەسەر هاوبەشکردنی داتاکەت بزانیت.

داتای کەسیی بەهادارە و پارە دەهێنێت بۆ ئەو کۆمپانیانە کە لەوانەیە داتا بەکار بهێنن بۆئەوەی بە پەیامی بازرگانی تاکە کەسەکان بە ئامانج بکەن. هەروەها داتای کەسیی دەتوانێت ناسنامەت دەربخات، کە مانای ئەوەیە کە **دزینی ناسنامە** دەکرێت مەترسییەک بێت، کە لەوێدا داتا وەکوو ناوت، ناونیشانی پۆستیت و ڕۆژی لەدایکبوونت، بەکار دەبرێت بۆئەوەی، بەبێ ئاگاداری خۆت، یەکێکیتر لە "تۆ" دروست بکرێت، بۆ مەبەستە تاوانکارییەکان، بۆ نموونە، کردنەوەی حیسابی بانکی، قەرزکردن یان وەرگرتنی کارتی قەرزکردن یان داواکردنی بێنیفیتەکانی باشبژیی بە ناوی کەسێکی دیکەوە.

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پاراستنی داتای کەسیی خۆت لەسەرهێڵ سەردانی وێبگەی [www.getsafeonline.org](http://www.getsafeonline.org) بکە.

## بۆچی دەبێت داتای کەسیی خۆت بپارێزێت؟

وێبگەڕی ئینتەرنێتەکەت، وێبگەکان کە سەردانیان دەکەیت و کۆمپانیاکان کە کارلێکردنیان لەگەڵ دەکەیت شوێن هەڵگرتنی کارەکانت دەکەن و هەندێک داتا دەربارەی چالاکییەکانی ئینتەرنێتیت کۆ دەکەنەوە. جاروبار ئەمە بۆ دڵنیایی لەوەیە کە شتەکان بەباشی کار دەکەن، و ماڵپەڕەکان دەکرێنەوە و وێبگەڕەکەت بەباشی کار دەکات. هەندێک جاریش، لەوانەیە شەوێنت هەڵبگیردرێت بۆ زانینی ئەوەی کە حەز لە چی دەکەیت و داتا لەبارەتەوە کۆبکەنەوە کە ئەوسا دەکرێت بۆ ئەو پەیامە بازرگانییانە بنێردرێت کە تۆی بە ئامانج کردووە.

دەبێت بە هۆشیار بیت لەوەی کە لەسەرهێڵ لەگەڵ خەڵک هاوبەشی دەکەیت. ڕێسایێکی ڕێنمایی سوودمەند ئەوەیە کە **کەمتر زۆرترە.** هەرچی کەمتر زانیاری سەبارەت بە خۆت دەربخەیت، مەترسی ئەوەی کە زانیاری کەوێتە بەردەست خراپکار کەمترە.

## هاوبەشکردنی داتا؛ زانیاری کەسیی تۆ و مافەکانت

داتای کەسی زانیاری کەسی **تۆیە،** و مافت هەیە ئەم زانیارییە نهێنی بهێڵیتەوە. یاساکان سەبارەت بە پاراستنی داتا مانای ئەوەیە کە کۆمپانیاکان و ڕێکخراوەکان **دەبێت** داتای تۆ گونجاوانە و تەنها بۆ مەبەستی ڕێککەوتوو لەسەر بەکار ببەن. یاساکانی نهێنێتی تایبەتی دەڵێت کە مافەکانی تاکە کەسەکان دەبێت بپارێزدرێت و کۆمپانیا یاساییەکان لەسەریانە بە ئێمە بڵێن کەی و چۆن داتای ئێمە کۆ دەکرێتەوە، بۆ چ مەبەستێکە.

ڕێکخراوەکان، کۆماپانیاکان یان تاکە کەسەکان کە داتاکەت نابەجێ بەکار دەهێنن یان بە مەبەستی زیان گەیاندن داتاکەت بەکار دەهێنن دەشێت غەرامە بکرێن یان تەنانەت لەگەڵ سزای تاوانباری ڕووبەڕوو ببنەوە. دەتوانیت لەڕێگای ئامادەکردنی **داواکاری بۆ دەستگەیشتن بە بابەت** بپشکنیت کە کۆمپانیاکان کام زانیارییە لەبارەتەوە هەڵدەگرن.

ئەگەر نیگەرانیت هەیە لەسەر ئەوەی کە داتاکەت چۆن بەکار دەبردرێت، هەڵدەگیردرێت، یان هاوبەش دەکرێت، پێویستە کە لە سەرەتادا بە کۆمپانییەکە ڕاپۆرتی بدەیت. هەروەها دەتوانیت نیگەرانییەکانت ڕاپۆرت بدەیت بە دەزگای ڕێکخەری، **فەرمانگەی کۆمیسیاری زانیاری (Information Commissioners Office)** www.ico.org.uk



*زەهرا جلوبەرگی نوێ دەکڕێت.  ئەو بۆ پارەدان دەچێت بۆ لای خەزنەدارەکە و ژمێریارەکە داوای ناونیشانی ئیمەیڵی لێدەکات بۆئەوەی کە ڕەسیدێکی دیجیتاڵی بێدات.  زەهرا قایل دەبێت و ناونیشانی ئیمەڵەکەی پێدەدات.  هەروەها ژمێریارەکە ئینجا بۆ دەرکردنی ڕەسیدە دیجیتاڵییەکە داوای ناونیشانی پۆستی لێدەکات.*

**بە بیروڕای تۆ زەهرا دەبێت چی بکات؟**

فرۆشگاکە بۆ پێدانی ڕەسید **پێویستی نییە** بە ناونیشانی ماڵەکەی زەهرا، تەنها ناونیشانی ئیمەڵەکەی پێویستە، لەبەرئەوە پێویست ناکات ئەوان ئەم زانیارییە کۆ بکەنەوە.  زەهرا دەتوانێت لەجیاتی ئەوە داوای کۆپییەکی کاغەزی ڕەسیدەکە بکات.

**بە بیروورای تۆ ئەوان دەشێت بۆچی ئەم زانیارییە زێدەیانە بوێت؟**

*زەهرا پرسیار دەکات کە ئەوان زانیاری ناونیشانی پۆستی ماڵەکەی ئەویان بۆچی پێویستە، و ژمێریارەکە ڕوونی دەکاتەوە کە ئەوان بۆ کردنەوەی حیسابێک بۆ ئەو زانیارییەکەیان پێویستە.  زەهرا نەیدەزانی کە ئەوان دەیانەوێت حیسابێکی بۆ بکەنەوە. لەدوای لێپرسینەوەی زیاتر زەهرا تێدەگات کە ناونیشانی ئیمەیڵەکەی کە بۆ کردنەوەی حیسابەکە بەکاربراوە بۆ بازاردۆزینەوەی ڕاستەوخۆ (هەناردنی ئیمەیڵ لەبارەی فرۆشتن یان شتی نرخداشکاو) بۆ ئەو بەکار دەبردرێت.  زەهرا ڕەدی دەکاتەوە کە حیسابێک بکاتەوە و ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو پێشتر حیسابێکی لەگەڵ فرۆشگاکە کردووەتەوە، ئەمە بۆ فرۆشگاکە نائاسایی دەبوو کە وردەزانیاری زەهرا بەکار بهێنێت کە بابەتی بازاردۆزینەوەی بۆ بنێرێت چونکە ئەمە گۆڕاندنی ئەو مەبەستەیە کە ناونیشانی ئیمەیڵەکەی لەسەر درابوو.*

ئەگەر لە کاتی چوونەناو خزمەتێکدا داوات لێکرا بۆ پێدانی زانیاری کەسیی، وەک ڕۆژی لەدایکبوون، کۆدی پۆستە، یان هەر ژمارە ژێدەرێکی کەسیی وەک ژمارەی بیمەی نیشتمانی یان ژمارەی کارتی مۆڵەتی مانەوەی بایۆمەتری، تۆ **ماف** ئەوەت هەیە بپرسیت زانیارییەکە بۆچی پێویستە، و بڕیار بدەیت کە زانیاری هاوبەش نەکەیت – بەتایبەت ئەگەر خواستەکەیان لە خواستێکی پەیوەندیدار یان گونجاو نەچێت.  لە هەندێک بارودۆخدا، لەپێش بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە زانیاری کەسیی نەدەیت، دەتوانیت ئامۆژگاری یاسایی وەربگریت، بۆ نموونە زانیاری پێدان بە پۆلیس، وەزارەتی ناوخۆ یان دەزگا حکومەتییەکان و دەزگا گشتییەکانی دیکە.  نهێنێتی کەسیی گرنگە بەڵام لە هەموو شتێک گرنگتر نییە؛ یاساکانی دیکە لەوانەیە ئەولەوییەتیان هەبێت بەسەر مافەکانی تۆدا بۆ نهێنێتی هێشتنەوەی هەندێک زانیاری هەروەها کۆمپانیاکان لەوانەیە ئەرکی یاسایی سەرشانیان بێت کە زانیاری کەسیی تۆ هاوبەش بکەن یان لە تۆماردا هەڵبیگرن.

## بەکارهێنانی ئنتەرنێت لە بەریتانیا

### بە بیروڕای تۆ ئایا وتەکانی خوارەوە ڕاستە یان ناڕاست؟

**لە بەریتانیادا وەک ستانداردێک هەمووکەس دەستگەیشتن بە ئنتەرنێتی ماڵەوەیان هەیە.**

نەخێر، بەڵام بەپێی نووسینگەی ئامارە نیشتمانییەکان (Office for National Statistics)، لە ساڵی 2020دا خەمڵێندرابوو کە 96% لە ماڵەکان ئنتەرنێتی ماڵەوەیان هەیە. ئەمە مانای ئەوەیە کە لەلایەن خزمەتگوزارییەکانەوە مەزندە دەکرێت کە زۆربەی خەڵک لە ماڵەوە دەستگەیشتن بە ئنتەرنێتیان هەیە.

**لە بەریتانیادا خەڵک زیاتروزیاتر داوایان لێدەکرێت یان پێویست دەکات کە لەسەرهێڵ بچنەناو خزمەتە گرنگە گشتییەکان**

بەڵێ.  لە کاتی داواکاری بۆ پشتیوانی پارەیی لەلایەن بنکەی کار، ناونووسین بۆ خانووی کاونسڵ، یان داواکاری بۆ شوێنێکی پەروەردەیی زۆرکات (بەڵام نەک هەمیشە) داوات لێدەکرێت کە لەپێش هەموو شتێک هەوڵ بدەیت هەندێک داواکاری و ناونووسین لەسەرهێڵ ئەنجام بدەیت.

**ناردن یان وەرگرتنی ئیمەیڵ باوترین چالاکی ئنتەرنێتییە**

بەڵێ.  نووسینگەی ئامارە نیشتمانییەکان (ONS) ڕایگەیاند کە لە ساڵی 2018دا 84% لە گەنجانی بەریتانیا ئیمەیڵیان ناردووە یان وەرگرتووە. دۆزینەوەی زانیاری دەربارەی شتومەک یان خزمەتگوزارییەکان بە ڕادەی 77% دووەهەمین چالاکی زۆر بەباو بوو.  ناونیشانی ئیمەیڵ **پێویستە** بۆ پەیوەندیکردن، بەتایبەت لەلایەن خزمەتەکانەوە کە لەسەرهێڵ دانراون.

**زۆرکات چاوەڕوانی ئەوەت لێدەکرێت کە بتوانیت حیسابی کەسیی و ژیانی تایبەتی خۆت لەڕێگای دەرگا لەسەرهێڵەکان بەڕێوە ببەیت.**

زۆر کەس لەڕێگەی ئێنتەرنێتەوە دەچنەناو خزمەتە پێویستەکانی ڕۆژانەیان. لە ساڵی 2020دا نزیکەی 76% لە مەردم بە جۆرێک کاروباری بانکی ئێنتەرنێتییان لەسەرهێڵ جێبەجێ کردووە، نزیکەی 87% لەسەرهێڵ شتومەکیان کڕیوە یان خزمەتەکانیان بەکارهێناوە، و 32% مەردم لەسەرهێڵ داوای گەیاندنی خواردنیان لە خواردنگاکان کردووە.

## ئیمەیڵ

ئیمەیڵ بۆ کارلێککردن لەگەڵ خزمەتە لەسەرهێڵییەکان پێویستە. بۆ دروستکردنی حیسابێک لەگەڵ هەر خزمەت دابینکارێکی لەسەرهێڵ (بۆ نموونە، ئیبەی (Ebay)، کاونسڵی ناوچەکەت، سوپەرمارکێت) پێویست دەکات کە یەک ناونیشانی ئیمەیڵ و یەک تێپەڕەووشە کە تایبەتییە بۆت دروست بکەیت.

زۆرێک ئیمەیڵ دابینکاری جیاواز هەیە، و **بەدەستی تۆیە** کام دابینکارە هەڵدەبژێریت. ئێمە دابینکارە بە ناوبانگەکان وەک Gmail (gmail.com)ـی گوگڵ (Google) و Outlook.com (outlook.com)ـی مایکرۆسۆفت (Microsoft) هەروەک نموونەکانی خوارەوەمان بەکارهێناوە. بەپێی لایەنگیری بەکارهێنەر لە ڕێکخراوەی ویچ (Which) ئەم دابینکارانە هەڵبژاردەی بەخۆڕایی و باوەڕپێکراون[1].

**ئایا حیسابێکی ئیمەیلّت هەیە یان ئەزانیت چۆن حیسابێکی ئیمەیلی دروست بکەیت؟**

بۆ دروستکردنی ناونیشانی ئیمەیڵ، لەڕێگای نووسینی ئەم ناونیشانانە لە شوێنی ناونیشان نووسینی وێبگەڕەکەت یان گەڕان لە بزوێنەری گەڕانچی وێبگەڕەکەت بڕۆ بۆ وێبگەی ڕەسمی دابینکارەکە.

https://outlook.live.com

https://accounts.google.com/signup/

پێویست دەکات کە کرتە بکەیتەسەر "دروستکردنی حیساب (create account)" و فۆرمەکە کە دەردەکەوێت بە پێدانی ناوت، دروستکردنی تێپەڕەووشە و دابینکردنی زانیاری کەسیی وەک ڕۆژی لەدایکبوونت پڕ بکەیتەوە. ئینجا پێویست دەکات کە بتوانیت بچیتەناو حیسابی ئیمەیڵەکەت و بۆ ناردن و وەرگرتنی ئیمەیڵ بەکاری بهێنیت.

گرنگە لەبیرت بێت کە یەک **تێپەڕەووشەی بەهێز** بۆ ئیمەیڵەکەت پێویستە. ئەمە مانای بەکارهێنانی سێ ووشەی هەڕەمەکییە، و بریتی بێت لە پیتە گەورەکان، ژمارە و هێماکان بۆ نموونە: 2Dog!LampBall1!

هەندێک جار ئەو ناوەی کە دەتەوێت بۆ ئیمەیڵ بەکاری بهێنیت پێشتر بەکاربراوە و هەبووە. دەتوانیت تێکەڵە جیاوازەکان بەکار بهێنێت هەتا کاتێک ئەو ناوەی کە دەتەوێت و لەبەردەستە پەیدا دەکەیت.

**وێبگەی Outlook بۆ دروستکردنی ئیمەیڵ وەکوو ئەمەیە:**







وێبگەی Gmail بۆ درووستکردنی ئیمەیڵ وەکوو ئەمەیە:




## دۆزینەوەی ئەوەی بۆی دەگەڕێت

بۆ چوونە سەرهێڵ پێویستت بە یەک **وێبگەڕی ئنتەرنێت** دەبێت. زۆرێک وێبگەڕی ئنتەرنێت هەیە، و ئامرازێک ئاساییانە وێبگەڕێکی لەگەڵدایە کە لەلایەن بەرهەمهێنەرەکەوە پێشتر لەسەر ئامرازەکە دامەزرێنراوە.

هێما و وێنۆچکە باوەکان بۆ وێبگەڕەکان لە خوارەوەیە و ئەگەر لە ڕوومێزی کۆمپیوتەرەکەتدا کرتە بکەیتەسەر یەکێک لە ئەمانە دەتبات بۆ **ماڵپەڕ** وێبگەکە، کە لەوێوە دەتوانیت وێبگەڕی ئنتەرنێت دەستپێبکەیت.



ئەگەر ئەزانیت دەتەوێت سەردانی کام وێبگە بکەیت دەتوانیت لەناو **تووڵی ناونیشان یان تووڵی ڕێک پەیداکەری سامانە** (URL) لە وێبگەڕی ئنتەرنێتەکەدا بینووسیت، کە ئاساییانە بە www. یان https://. دەستپێدەکات.




## بەکارهێنانی بزوێنەری گەڕانچی

**بزوێنەری گەڕانچی** ئامرازێکی زۆرزۆر بەکەڵکە بۆ دۆزینەوەی زانیارییەک کە لەسەر ئنتەرنێت پێویستتە. نموونە باوەکانی بزوێنەرە گەڕانچییەکان بریتین لە گوگڵ، بینگ (Bing) و یاهو (Yahoo). بۆ بەکارهێنانی بزوێنەری گەڕانچی کلیلەووشەکانی ئەو بابەتەی دەتەوێت بۆی بگەڕێت تیادا بنووسە. ئەم وێبگانە بەناو ئنتەرنێتدا دەگەڕێن و ئەنجامەکەی دەهێنەوە بۆت کە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنیان لەسەر بکەیت.




ئەگەر ئەنجامەکان بەتەواوی ئەوەی نەبوو کە بۆی دەگەڕێت، دەتوانیت کلیلەووشەی جیاواز تاقی بکەیتەوە، یان نیشانەی فاریزە بەکار ببەیت بۆ گەڕان بۆ دەستەواژەیەکی تایبەت، کە ئەنجامەکانی گەڕانەکە تایبەتتر بێت بۆ نموونە، "زانیاری خانووبەرە".

## گۆڕاندنی زمانەکانی وێبگەڕێکی ئنتەرنێت:

بۆ گۆڕاندنی زمانێک لەسەر وێبگەڕێک، ئاساییانە دەتوانیت لە **پێرستی ڕێکخستنەکان (Settings Menu)** لە وێبگەڕی ئنتەرنێتەکت زمانەکە بگۆڕیت. ئەم نموونەی خوارەوە وێبگەڕی گوگڵ کرۆم (Google Chrome) بەکار دەهێنێت.

وێبگەری گوگڵ کرۆم بکەرەوە، برۆ بۆ پێرستی ڕێکخستنەکان




له تابی 'باڵاتر' (Advanced) وەکوو خوارەوە.  پاشان زمانە دڵخوازەکەی خۆت لە **پێرستی کەشاویی** 'زیادکردنی زمان (Add Languages)' هەڵبژێرە و زمانەکە دامەزرێنە.






کاتێک کە زمانەکەت پەیدا کرد، دەبێت ئەمە وەکوو **زمانی بنەڕەتی (default language)** دابنێت، ناوەڕۆکی هەر ماڵپەڕێک کە دەچیتەناوی ئۆتۆماتیکی زمانەکەی وەردەگێردرێتەوە.   بەڵام، وەرگێراندنەکان، لەوانەیە بەتەواوی دروست نەبێت.

## وەرگێراندنی ماڵپەڕ

بە بەکارهێنانی گوگڵ کرۆم (کە وەرگێراندنی گوگڵ (Google Translate) بەکار دەهێنێت) دەتوانیت بەبێ گۆڕاندنی ڕێکخستنەکانی وێبگەڕەکەت تێکستی ماڵپەڕێک وەربگێریتەوە.

لە ماڵپەڕەکەدا کرتەی-ڕاست بکەسەر ماوسەکەت و ئەو بژاردەی هەڵبژێرە کە دەڵێت، "وەرگێراندن بۆ زمانی ئنگلیزی (Translate to English)". پاشان دەتوانیت زمانە وەرگێردراوەکەی ماڵپەڕەکە بگۆڕیت.




ئەمە ئەم خانە لە گۆشەی سەرەوەی ویبگەڕەکەت دەکاتەوە.




ویبگەڕەکەت لەمکاتەدا بە زمانی ئنگلیزی وەردەگێڕێتەوە، کەواتە کرتە بکەسەر ئنگلیزی (English) و "زمانێکی دیکە هەڵبژێرە (Choose another language)".




ئەمە لیستێک لە زمانە جیاوازەکان (بە ئنگلیزی نووسراو) دەهێنێتە ڕوو. دەتوانیت ئەو زمانەی کە دەتەوێت هەڵبژێریت.




و لەوەدوا کرتە بکەسەر دوگمەی وەرگێراندن (Translate).




گرنگە لەبیرت بێت کە وەرگێراندنی ئۆتوماتیکی لەوانەیە بە دروستی و ڕوونی وەرگێراندنێک نەبێت کە کەسێک ئەنجامی دابێت، بەڵام دەتوانێت پارەمەتی بدات ژمارە تەلەفۆنێکی گرنگی تیادا پەیدا بکەیت یان پارەمەتی دەدات هەندێک زانیاری سەرەکی تیادا پەیدا بکەیت.




## گەڕان و وێبگەڕی پارێزراو

کاتێک کە بۆ زانیاری دەگەڕێت وێبگەڕەکەت تۆماری مێژووی گەڕانەکەت و ئەنجامەکانی خەزن دەکات.

بەکارهێنانی بزوێنەری گەڕانێکی دەتوانێت ئەنجامێکی فراوان لەناو ئنتەرنێت بکێشێتە دەرەوە، و جاروبار ئەم ئەنجامەنە دەکرێت بریتی بێت لە وێنەکان یان وێبگەکان کە لەوانەیە حەز نەکەیت بیانبینیت یان لەوانەیە حەز نەکەیت کەسانی دیکە کە ئامێرەیەکی هاوبەش بەکار دەهێنن بیبینن.

ڕێکخستنەکانی گەڕانی پارێزراو یان میانەڕەو دەکرێت لە وێبگەڕی ئنتەرنێتدا چالاک بکرێتەوە بۆئەوەی ئەنجامەکان بپاڵێوێت و ناوەرۆکی ڕاشکاو بشارێتەوە.  بۆ زانیاری سەبارەت بەوەی کە چۆن ئەمە ئەنجام بدەیت بگەڕێ بۆ **"[ناوی وێبگەڕەکەت] + ڕێکخستنەکانی گەڕانی پارێزراو (safe search settings)".**

نموونەی خوارەوە نموونەیەکە لە ڕێکخستنەکانی گەڕانی پارێزراوی گوگڵ کرۆم (SafeSearch).




## سڕینەوەی مێژووی وێبگەڕ

ئەگەر دەتەوێت مێژووی تۆماری وێبگەڕەکەت بسڕیتەوە، ڕەنگە بتەوێت گەڕانی لەسەر بکەیت کە چۆن ئەم کارە ئەنجام بدەیت چونکە لەناو وێبگەڕەکاندا ئەمە جیاوازە. بگەڕە بۆ "سڕینەوەی مێژووی وێبگەڕ (delete browser history) + [ناوی وێبگەڕەکەت بۆ نموونە، مۆزیلا فایرفۆکس (Mozilla Firefox)]" بۆئەوەی ڕێنمایی دروست بۆ ئامێرەکەت بدۆزیتەوە.

بەگشتی، دەتوانیت لەڕێگەی کردنەوەی وێبگەڕەکەت و ئینجا هەڵبژاردنی بژاردەی **زیاتر (More)** ئەم کارە ئەنجام بدەیت، زۆرکات ئەمە لەڕێگەی سێ نوقتەوە نیشان دەدرێت

 یان 

کرتە بکەسەر مێژوو (History)

کرتە بکەسەر **سڕینەوەی داتای وێبگەڕی (Clear Browsing Data)** یان سڕینەوەی مێژوو (Clear History).

کرتە بکەسەر **سڕینەوەی داتا (Clear Data)**.

## سڕینەوەی کوکییەکان

لە هەموو وێبگەکاندا داوات لێدەکرێت کە ڕەزامەندیت لەسەر بەکارهێنانی **کوکییەکان** و داتا دەربڕیت. کووکییەکان هەندێک فایلی بچووک لەسەر ئامێرەکەت دادەنێت بۆ خەزنکردنی زانیاری وەک ئەوەی کە تۆ کێی، کەی سەردانت لە وێبگەکە کردووە و لەوێدا چیت کردووە. کاتێک سەردانی وێبگەیەک دەکەیت کوکییەکان زۆرکات وەک پرسیارێکی پۆپەپی لەناو پەنجەرەیەکی بچووکدا دێتە پێش یان وەک سەردێرێکی گەورە نیشان دەدرێت. بەپێی کۆمەڵەیاسای پاراستنی داتا، کۆمپانیاکان لەسەریانە پێت بڵێن کە کوکییەکان کام داتا کۆ دەکەنەوە وەهەروەها کاتێک کە دەچیتەناو وێبگەکە دەبێت داوات لێبکەن کە یان بەکارهێنانی کوکییەکان قەبووڵ بکەیت یان بەرپەوی ببەیت.

جاروبار کاتێک کە مێژووی وێبگەڕی دەسڕیتەوە لەگەڵیدا بژاردەیەکیش دەدات بۆ سڕینەوەی حەشارگە (Cache) و زانیاری کوکی کە لە کاتی وێبگەڕیت لەناو وێبگەکاندا بەربەرە درووست بووە و هەڵگیراوە.

ئەم بەستەرانە پەیوەندکراوە بە ڕێنماییەکان لەسەر سڕینەوەی کوکییەکان ئەگەر [Google Chrome](), [Microsoft Edge]()، یان [Mozilla Firefox]() بەکار دەهێنیت. هەروەها دەتوانیت لەڕێگەی گەڕان لەناو وێبگەڕەکەتدا بۆ **"سڕینەوەی کوکییەکان (Clear Cookies) + [ناوی وێبگەڕەکەت]"** بگەڕێت بۆ ڕێنمایی لەسەر ئەوەی چۆن کوکییەکان و مێژووی حەشارگە بسڕیتەوە.

## وێبگەڕی نهێنی و تایبەتی

هەموو وێبگەڕەکانی ئنتەرنێت توانستی ئەوەشیان دەبێت کە 'بە تایبەتی' یان 'نهێنی' وێبگەڕی بکەن، کە بەو مانایە کە لەکاتێکدا وێبگەڕ لەم مۆدەدا بێت هەر وێبگەیەکی سەردانکراو لەسەر مێژووی ئامێرە خەزن ناکرێت. ئەمە دەشێت گرنگ بێت ئەگەر بتەوێت بگەڕێت یان وێبگەڕی بۆ زانیارییەک بکەیت کە هەستیار، یان کەسییە یان ئەگەر نیگەرانیت لەسەر پارێزراویت هەبێت.

وێبگەڕی بە تایبەتی و نهێنی دەکرێت چالاک بکرێتەوە لەڕێگەی:

لە وێبگەڕەکەتدا کرتە بکەسەر **More** ⋮ و بژاردەی پەنجەرەیەکی نهێنی نوێ (New Incognito Window) هەڵبژێرە:




یان




## دوگمەکانی دەرچوونی پارێزراو

هەندێک لە وێبگەکان کە سەبارەت بە کێشەکانی ژنان، بریتی لە دەستدرێژی ناوماڵی و شێوەکانی دیکەی دەستدرێژی، زانیاری هەستیار دابین دەکەن یەک دوگمەی **دەرچوونی پارێزراو (Safe Exit)** تەرخان دەکەن.  ئەم دوگمە شوێنێکە لەسەر وێبگە کە دەکرێت کرتە بکەیتەسەری و یەکسەری دەتبات بۆ وێبگەیەکی نوێ، و هەر شوێن هەڵگرێکی دیجیتاڵی لەبارەی ئەوەی کە لەو وێبگە سەردانت کردووە دەشارێتەوە.

دوگمەکانی دەرچوونی پارێزراو بەئەنقەست دروستکراوە کە بۆ دەرچوونی بەخێرا و پارێزراوانە لە وێبگەیەک یارمەتی بدات، بەو کەسانە کە گەڕان بۆ زانیاری لەسەر هێڵ لەوانەیە مەترسی لەلایەن دەستدرێژیکەرێک بخاتە سەریان.

**دەتوانیت بەکارهێنانی دوگمەی دەرچوونی پارێزراو تاقی بکەیتەوە بۆئەوەی بزانیت پاش بەکارهێنانی دوگمەکە چی ڕوو دەدات و شاشەی کۆمپیوتەرەکەت چۆن نیشان دەدات.  بەکارهێنانی دوگمەی دەرچوونی خێرا تاقی بکەرەوە لە وێبگەی هێڵییارمەتی نیشتمانی دژە دەستدرێژی ناوماڵی (National Domestic Abuse Helpline)**
**www.nationaldahelpline.org.uk**




## دایکوباوکێتی دیجیتاڵی

دایکوباوکێتی دیجیتاڵی مانای ئەوەیە کە بزانیت منداڵەکەت لەسەرهێڵ چی دەکات.   هەندێک ڕێکخستنی منداڵ-پەسەند (کۆنترۆڵی دایکوباوکێتی (Parental Controls)) هەیە کە دەتوانیت لەسەر ئامێرەکان (بۆ نموونە، تەلەفۆن، تەبلێت) چالاکیان بکەیت یان دەتوانیت پەیوەندی بە دابینکاری داتاکەت (3، BT، EE، و هتد) بکەیت و داوای داگیرساندنی کۆنترۆڵی دایکوباوکێتی لە ئەوان بکەیت.

لەوکاتەدا منداڵەکەت ناتوانێت بۆ هیچ شتێکی ناگونجاو بگەڕێت.  ئامۆژگاری زیاتر لەبارەی چۆن ڕێکخستنی کۆنترۆڵی دایکوباوکێتی لە وێبگەی هێڵییارمەتیدانی کۆمەڵەی نیشتمانی ڕێگری لە توندی لەگەڵ منداڵان (NSPCC) هەیە، کە یارمەتیت دەدات تێبگەیت چۆن بۆ منداڵەکەت لەبارەی پارێزراوی لەسەرهێڵ قسە بکەیت و لە مەترسییەکانی کاتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت ئاگاداری بکەیتەوە.

**NSPCC** **www.nspcc.org.uk/keeping-children-safe/online-safety**

## دەستگەیشتن بە خزمەتەکان لەسەرهێڵ - پەروەردە

ئێمە سەرنجی ئەوەمان داوە کە لە بەریتانیادا زۆرێک لە خزمەتگوزارییەکان داوات لێدەکەن کە ناونووسیکردن بۆ خزمەتەکان یان داگرتن و دۆزینەوەی زانیاری لەرێگای ئینتەرنێتەوە تاقی بکەیتەوە. دەتوانیت زانیاری بدۆزیتەوە لەسەر دەرفەتە پەروەردەییەکان بۆ خۆت یان خێزانەکەت، داواکاری بۆ چوونە خوێندنگا یان تەنانەت بەشداریکردن لە فێربوونی دیجیتاڵی. ئەگەر ناچاریت لەسەرهێڵ بۆ دۆزینەوەی زانیاری بگەڕێت، لاپەڕەکانی خوارەوە هەندێک بەستەر و زانیاری دەدات کە دەشێت بەکەڵک بێت.

### پەروەردەی گەنجان

- **خزمەتی پیشەیی نیشتمانی** (National Careers Service) دەتوانێت پەیوەندت بکات بەو کۆرسانەوە کە بەخۆڕاییە بەشداریان تیادا بکەیت www.nationalcareers.service.gov.uk
- لە سکۆتلەنددا دەتوانیت سەردان بکەیت لە وێبگەی **جیهانی کاری من** (My World of Work): www.myworldofwork.co.uk/learn-and-train
- لە وێڵزدا، **پیشەی وێلز** (Careers Wales): www.careerswales.gov.wales
- لە باکووری ئیرلەنددا، **ڕێپیشاندانی باکووری ئیرلەند** (NI Direct): www.nidirect.gov.uk/campaigns/careers
- **یارمەتی بە کۆچبەر** (Migrant Help) زانیاری هەیە سەبارەت بە فێربوون لەدوورەوە بریتی لە کۆرسی ئنگلیزی وەک زمانی دووەم (ESOL) https://www.migranthelpuk.org/distance-learning

لەوانەیە بیر بکەیتەوە لە چوونەوە بۆ زانکۆ یان وەرگرتنی بڕوانامەیەکی ماوەی شاگردی پیشە (کە لەوێدا کار دەکەیت، پارە وەردەگریت، و بڕوانامەیەک بەدەست دەهێنیت). دەتوانیت زانیاری لەبارەی داواکاری بۆ پەروەردەی زیاتر، بڕوانامەی ماوەی شاگردی پیشە، و پشتگیری دارایی بدۆزیتەوە لێرە: www.prospects.ac.uk

زانیاری لەبارەی ماوەکانی شاگردی پیشە پەیدا دەکرێت لێرە: www.gov.uk/apply-apprenticeship

دەتوانیت بۆ زانکۆ، کۆلێژ، کۆرسە کورتە ماوەکان و پۆلەکانی بنکەی کۆمەڵگا لەسەرهێڵ داواکاری بکەیت. داواکاری بۆ زانکۆ لەرێگای **خزمەتی چوونەناو زانکۆ و کۆلێژ** (UCAS) پێشکەش دەکرێت: www.ucas.com

جاروبار لەوانەیە مافدار بیت بۆ **پێبەخشینی پارە**، **پارەی دەرماڵە**، **قەرز** یان یارمەتییە داراییەکانی دیکە بۆئەوەی کە لەماوەی پەروەردەی زیاتر یان پەروەردەی باڵادا خەرجی کۆرسەکەت یان تەنانەت خەرجی ژیانت دابین بکات. ئەمە بە جۆری کۆرسەکە کە دەیخوێنیت، تەمەنت، بارودۆخی دارایی و کەسیی خۆت پەیوەندیدارە.
دەتوانیت مافداربوونی خۆت بپشکێنیت لێرە: www.gov.uk/further-education-courses/financial-help

دابینکارانی دیکە لەوانەیە **بەشداربوونی بەخۆڕایی یان زۆر خەرج داشکێندراو** پێشنیار بکەن پێت ئەگەر مەرجەکانی شایستەیی دارایی یان مەرجەکانی دیکەی شایستەیی تۆ بگریتەوە بۆ نموونە، بێنیفیت وەربگریت. یەک نموونە **ئەنجوومەنی پەروەردەی کرێکاران** (WEA)ـە www.wea.org.uk یان www.weascotland.org.uk (**ئەنجوومەنی پەروەردەی کرێکاران لە سکۆتلەند**) کە کۆرسەکان بریتی لە کۆرسی وەرگێڕاندن، زانست، شارەزایی دیجیتاڵی و شارەزاییە پێویستەکانی کۆمەڵگا پێشکەش دەکەن.

دەتوانیت لە بنکەی کاری ناوچەکەت بپرسیت کە ئاخۆ دابینکاری دیکەی کۆرسی ڕاهێنان هەبێت کە لە ناوچەکەتدا کۆرسی هاوچەشن بەخۆڕایی یان بە خەرجێکی داشکێندراو پێشکەش بکات.

### کۆرسی لەسەرهێڵ

ئێستاکە زۆرێک لە دابینکارانی فێرکاری بریتی لە زانکۆکان و خاوەنکاران کۆرسەکان بەخۆڕایی لەسەرهێڵ پێشکەش دەکەن، وەهەروەها هەندێک لە ڕێکخراوەکانی ڕاهێنانی بازرگانی کۆرسە پارەدراوەکانی خۆیان بەخۆڕایی پێشکەش دەکەن. پێش لە واژۆکردن بۆ چوونەناو کۆرسێک دڵنیابە هیچ خەرجێکی نییە و ئاگاداربە کە کۆمپانیا تایبەتییەکان کە فێربوونی لەسەرهێڵ پێشکەش دەکەن جۆرایەتییەکەیان هەموو کاتێک لەلایەن حکومەتەوە پشکنین یان پەسەند ناکرێت. بابەت و ئاستی کۆرسەکان

بەفراوانی جیاوازە، و خزمەتی پیشەیی نیشتمانی **ڕێنمایی بۆ هەڵبژاردنی کۆرسێکی لەسەرهێڵ** هەیە کە دەتوانێت یارمەتیت بدات کۆرسە چاک جۆرەکان لەسەرهێڵ پەیدا بکەیت: www.nationalcareers.service.gov.uk/careers-advice/getting-the-most-out-of-online-learning

**نموونەی هەندێک دابینکاری کۆرسە بەخۆڕاییەکانی لەسەرهێڵ ئەمانەیە:**

- **ئالیسون (Alison) www.alison.com/courses**
- **شارەزاییژیان بارکلەیس (Barclays Lifeskills) www.barclayslifeskills.com**
- **کۆرسێرا (Coursera) www.coursera.org**
- **فێربوون بۆ داهاتوو (FutureLearn)**
- **پیێرسون (UKlearns)(Pearson) www.uklearns.pearson.com**
- **رید (Reed) www.reed.co.uk/courses/free**
- **زانکۆی کراوە (The Open University) www.open.edu/openlearn/free-courses/full-catalogue**
- **ئەندیشەکردن لە فێربوون (Vision2Learn) www.vision2learn.com**

**باشترکردنی شارەزاییە دیجیتاڵییەکانت**

ئەگەر بۆ حەزی خۆت بێت، یان بۆ باشترکردنی ئایەندەی کاری خۆت بێت یان بۆ یارمەتی بە منداڵەکانت لەسەرهێڵ بێت، دەتوانیت بەشداریکردن لە هەندێک ڕاهێنانی لەسەرهێڵ لەبەرچاو بگریت بۆئەوەی یارمەتیت بدات شارەزاییە دیجیتاڵییەکانت باشتر بکەیتەوە. ئەمە بریتییە لە توانای بەکارهێنانی بەرنامەی کۆمپیوتەر و سۆفتوێر وەکوو مایکرۆسۆفت ئۆفیس ( Microsoft Office 365) یان گوگڵ سوت (Google Suite) بەس بۆئەوەی لەبارەی چۆن بەکارهێنانی ئنتەرنێت و پارێزراو مانەوە لەسەرهێڵ زیاتر زانیاریت هەبێت.
دابینکارانی ناوبراو-لەسەرەوە لەوانەیە هەندێک کۆرسی دیجیتاڵی پێشکەش بکەن، بەڵام دەتوانیت سەردان بکەیت لە:

- **هەڵۆ دیجیتاڵییەکانی بارکلەیس (Barclays Digital Eagles):** www.barclays.co.uk/digital-confidence/eagles
- **گەراژی دیجیتاڵی گوگڵ (Google Digital Garage):** www.learndigital.withgoogle.com/digitalgarage/courses
- **فێربوون بۆ داهاتوو:** www.futurelearn.com/subjects/it-and-computer-science-courses
- **ئاکادیمی خان (Khan Academy):** www.khanacademy.org/computing
- **ئاکادیمی دیجیتاڵی ڕۆڵز ڕۆیز (Rolls Royce Digital Academy):** www.rolls-royce.com/products-and-services/digital-academy.aspx
- **ئەنجوومەنی پەروەردەی کرێکاران (WEA):** www.wea.org.uk/digital-skills

## خوێندنی منداڵان

لە بەریتانیادا پەروەردە لەلایەن دەوڵەتەوە بەخۆڕایی پێشکەش دەکرێت، بەڵام هەندێک خوێندنگای تایبەتی هەیە کە دەبێت پارە بۆ خەرجی بدەیت، یان دەتوانیت خوێندنیلەماڵ بۆ منداڵەکانت هەڵبژێریت. هەموو منداڵان دەبێت لەبەین تەمەنی 4 یان 5 ساڵ هەتا تەمەنی 16 ساڵی لە خوێندنگا ئامادە بن. زانیاری زیاتر لەسەر ڕێساکان و چاوەڕوانییەکان لەبارەی پەروەردەی منداڵان پەیدا دەکرێت لێرە: www.gov.uk/browse/childcare-parenting/schools-education

دەتوانیت لەسەرهێڵ یان لەڕێگای کاونسڵ داوای جێ لە خوێندنگایەکی سەرەتایی دەوڵەتی بکەیت. تەنانەت ئەگەر داواکاری بۆ خوێندنگاکان لە ناوچەی کاونسڵێکی جیاواز دەکەیت لەڕێگای کاونسڵی ناوچەی خۆتەوە داوا بکە. زۆرێک باوان/فێرخواز هەیە کە دەستگراگەیشتنی مسۆگەریان بە ئنتەرنێت نییە کە بتوانن لەسەرهێڵ داوای جێ لە خوێندنگا بکەن و ئەگەر خوێندنگا یان کاونسڵی ناوچەکەت دەیەوێت لەسەرهێڵ داواکاری بکەیت ئاساییە کە بڵێیت لەمبارەوە پێویستت بە یارمەتییە. گرنگ ئەوەیە کە لەپێش دوامۆڵەتی چوونەناو خوێندنگا داواکارییەکە لەکاتی خۆیدا بکەیت.

بۆ **پەیداکردنی وێبگەی کاونسڵی ناوچەکەت** لەکاتی داواکاری بۆ جێ لە **خوێندنگای سەرەتایی** (تەمەنی 4-11 ساڵ) کرتە بکەسەر ئەم بەستەرە و **کۆدی پۆستی خۆت بنووسە لێرە**

بۆ **پەیداکردنی وێبگەی کاونسڵی ناوچەکەت** لەکاتی داواکاری بۆ جێ لە **خوێندنگای ئامادەیی** (تەمەنی 11-16 ساڵ) کرتە بکەسەر ئەم بەستەرە و [کۆدی پۆستی خۆت بنووسە لێرە](#)

ئەگەر دەتەوێت لەبارەی چوونەناو خوێندنگا و کارامەیی خوێندنگا زانیاری زیاتر پەیدا بکەیت، دەتوانیت سەردان لە خوێندنگاکە بکەیت (زۆربەی خوێندنگاکان ڕۆژی کراوەیان بۆ سەردان هەیە)، یان سەردانی وێبگەی خوێندنگاکە بکەیت، یان ڕاپۆرتی **فەرمانگەی ستانداردەکانی پەروەردە (OFSTED)** (ستانداردەکانی خوێندنگا)، یان [خشتەی کارامەیی خوێندنگا](#) دەربارەی خوێندنگاکە ببینیت.

ئەگەر پێویستتە بە **یارمەتی دارایی** بۆ تەرخانکردنی خەرجی هەندێک لە ڕووەکانی ئامادەبوون لە خوێندنگا، دەتوانیت لە خوێندنگاکە لەبارەی یارمەتیدان بۆ ژەمی خواردنی خۆرایی خوێندنگا، هاتووچوو، و جلوبەرگی ڕەسمی پرسیار بکەیت. بۆ زانیاری لەسەر ژەمە خواردنە خۆڕاییەکانی خوێندنگا دەتوانیت گەڕانی ئەم وێبگە بکەیت لێرە:
[https://www.gov.uk/apply-free-school-meals](https://www.gov.uk/apply-free-school-meals)

**بڕۆ بۆ وێبگەی دەسەڵاتبەدەستی ناوچەکەت، یان بزوێنەرێکی گەڕانچی بەکار بهێنە، و هەوڵ بدە لەبارەی پرۆسەی چوونەناو خوێندنگای ناوچەکەت زانیاری پەیدا بکەیت. ئایا ئەزانیت کە دوامۆڵەتی داواکاری بۆ داوای جێ لە خوێندنگای سەرەتایی و خوێندنگای ئامادەیی لە ناوچەکەتدا کەییە؟**

## دەستگەیشتن بە خزمەتەکان لەسەرهێڵ - کار

بیر بکەرەوە لە پرسیارەکانی خوارەوە و هەوڵ بدە کە لەسەرهێڵ زانیاری پەیوەندیدار پەیدا بکەیت

- لەبارەی دەستپێکردنی کارێک لە بەریتانیادا لەڕووی دواڕادەی مافەکان و شایستەییەکانی خۆت دەتەوێت چی بزانیت؟
- ئایا دەزانیت بۆ کوێ بڕۆیت ئەگەر سەبارەت بە ناکۆکییەک لەگەڵ خاوەنکارێک پرسیارت هەبێت یان ئەگەر پێویستت بە یارمەتی بێت؟
- ئایا لە بەریتانیادا هەمووکەس بۆ دامەزران لە کار مافی یەکسانی هەیە؟

### ڕێسا پەیوەندیدارەکانی کار

لە بەریتانیادا یاسای کاری هەیە کە دامەزراوان دەپارێزێت و ستاندارده بنکەییەکان مسۆگەر دەکات.

- **مووچەی بنکەیی نیشتمانی**، بڕی ئەو پارە دیاری دەکات کە خاوەنکارەکەت دەبێت وەک مووچەی بنکەیی بە تۆی بدات کە ئەمە بەپێی تەمەنت دەگۆڕدرێت.
- **یاسای ماوەی کارکردن** دەڵێت گەنجان نابێت بۆ خاوەنکارێک لە حەفتەدا زیاتر لە 40 کاتژمێر کار بکەن مەگەر ئەوەی کە خۆت لە گرێبەستەکەتدا بەتایبەتی دیاریت کردبێت کە زیاتر کار دەکەیت.
- ڕێسا و **یاسای تەندروستی و پارێزراوی** فراوانە کە بۆ پارێزراو هێشتنەوەی دامەزراوان دروست دەکرێت.
- **یاساکانی نەبوونی-جوداوازینیڕەگەزی** کە دەڵێت خاوەنکارەکەت ناتوانێت بەهۆی تایبەتمەندییەکی پارێزراو (تەمەن، نەژاد، ڕەگەز، ئاڕۆکی سێکسی، ئایین، ڕەگەزی نێرومێ، بێتوانایی و هتد) جیاواز ڕەفتارت لەگەڵ بکات.
- **یاساکانی پشوودانی پارەدراو، پشووی نەخۆشی و پشووی دایکایەتی یان پشووی باوکایەتی** کە ماوە، بڕی پشووی پارەدراو دیاری دەکات کە لە ئەم بارودۆخانەدا مافی دامەزراوانە.
- **یاساکانی هاوبەشیکردن لە پێدانی مووچەی خانەنشینی** کە لە خاوەنکارەکەت داوا دەکات ڕێکخستنەکانی مووچەی خانەنشینی جێبەجێ بکات.

*زەهرا ناکۆکییەکی لەگەڵ خاوەنکارەکەی لەسەر مووچەکەی تووش دەبێت. زەهرا دەڵێت بڕی مووچەی بنکەیی پێنەدراوە. زەهرا تەمەنی 25 ساڵە و وەک دامەزراوێک لە بەریتانیادا کار دەکات.*

**لەڕێگای بەکارهێنانی ویبگەڕی ئنتەرنێتەکەت بۆ گەڕان بۆ زانیارییەکە، دەبێت چەنێک پارە بۆ یەک کاتژمێر وەک مووچەی بنکەیی بە زەهرا بدرێت؟ ئایا ئەم پارە دەگۆڕدرێت ئەگەر تەمەنی زەهرا کەمتر بێت یان ئەگەر شاگردی پیشەیەک بێت؟**

وەڵامەکە پەیدا دەکرێت لێرە: www.gov.uk/national-minimum-wage-rates

**ئایا یاساکانی کار هەموویان بەیەکسانی هەمووکەسێک دەگرێتەبەر کە لە بەریتانیادا کار دەکات؟**

نەخێر. یاساکان کە تۆ دەگرێتەبەر دەشێت بەپێی ئەوەی کە ئاخۆ وەک کەسێکی ئیشکەر، یان خاوەن ئیشی-خۆ یان دامەزراو لەبەرچاو گیراویت بگۆڕدرێت. هەروەها هەندێک لە یاساکانی کار پەیوەندیدارە بە تەمەنەکەت (مووچەی بنکەیی، جۆر و ماوەی کارکردنی ڕێپێدراو) یان بە درێژەی ماوەیەک کە دامەزراویت (پشوودانەکان، پشووی دایکایەتی و هتد).

وەک نموونەیەک، گرێبەستی کاتی-دیاریکراو لە بەریتانیادا بەشێوەیەکی ڕوو لەزیادبوون باوە، وەک جۆرێک دامەزرانە کە لەوێدا کەسێک تەنها بەپێی ئەوەی کە چەند کاتژمێر لەڕاستیدا کاری کردبێت پارەی پێدەدرێت کە دەشێت 0 یان 40 کاتژمێر لە حەفتەدا بێت و ماوەی کارکردن بەپێی داخوازییە. بۆ نموونە، شۆفێرەکانی ئوبر (Uber)، کاری هەندێک فرۆشیاری فرۆشگا یان کارمەندانی-مەیخانە. جیاواز لە زۆربەی ئامادەکارییە نەریتییەکانی کار، ئەم کارانە داهاتێکی بنکەیی (مووچە) مسۆگەر ناکات و پارەت پێنادات ئەگەر بەهۆی نەخۆشی لەسەر کار نەبیت.

ئەگەر بەپێی گرێبەستێکی کاتی-دیاریکراو کار دەکەیت هێشتا مافت هەیە: بۆ مووچەی بنکەیی، پشوودانی پارەدراو، پارەدان بۆ لەبەردەستبوونی داواڵێکراو بۆ کار وەهەروەها لە شوێنی کار و لەبەین ڕۆژەکانی کاردا مافت هەیە پشووی حەسانەوە وەربگریت.
زانیاری زیاتر پەیدا دەکرێت لێرە: www.acas.org.uk/zero-hours-contracts

زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئەم یاسانە و مافەکانت لە کارەکەتدا لەسەرهێڵ پەیدا دەکرێت.

- **حکومەت:** www.gov.uk
- **Acas** کە بەخۆڕایی ڕاوێژکاری لەبارەی مافەکان و باشترین کردار لە شوێنی کاردا پێشکەش دەکات. www.acas.org.uk/advice
- **نووسینگەی ڕاوێژکاری هاووڵاتی (Citizen's Advice Bureau):** www.citizensadvice.org.uk/work/

**سەندیکاکانی بازرگانی (Trade Unions)** سامانەیەکی دیکەیە بۆ پشتیوانی و ڕاوێژ سەبارەت بە مافەکانی شوێنی کار، کە لەڕێگای خۆ-ڕێکخراوی دامەزراوان دابین دەکرێت: www.gov.uk/join-trade-union

هەروەها بۆئەوەی دەربارەی مافەکانت لەسەر پارەپێدان و باج ڕوون بیت دەتوانیت بەخۆڕایی و نهێنیپارێزراو لەگەڵ خزمەتێکی ڕاوێژکاری کاروباری پارەیی قسە بکەیت:

**خزمەتی ڕاوێژکاری کاروباری پارە (Money Advice Service)** www.moneyadviceservice.org.uk

## ڕاوێژکاری پیشە و گەڕان بۆ کار

ئەگەر لەبارەی چۆن چوونەناو کارێک یان پیشەیەکی تایبەت بۆ زانیاری دەگەڕێت دەتوانیت ڕاوێژکاری پیشە لە ویبگەکانی خوارەوەدا پەیدا بکەیت. کاتێک کە کارێک پەیدا دەکەیت، کە دەتەوێت داوای بکەیت، زۆربەکات داوات لێدەکرێت لەسەرهێڵ فۆرمێک پڕ بکەیتەوە یان یەک CV (پوختەیەک لە بڕوانامەکان، شارەزاییەکان و مێژووی کاری خۆت) بنێریت. دەتوانیت نموونەکان، داڕێژە خۆڕاییەکان و ئامۆژگاری پەیدا بکەیت سەبارەت بەوەی کە چۆن لەڕێگای گەڕان لەسەرهێڵ CVیەکی کاریگەر بنووسیت و زۆربەی ویبگەکانی خوارەوە ئامۆژگاریش لەسەر داواکاری بۆ کار پێشکەش دەکەن.

- **ئنگلیز** www.nationalcareers.service.gov.uk
- **سکۆتلەند** www.skillsdevelopmentscotland.co.uk یان www.myworldofwork.co.uk
- **وێلز** www.careerswales.gov.wales
- **باکووری ئیرلەند** www.nidirect.gov.uk/contacts/contacts-az/careers-service

بنکەی‌کار لەسەرهێڵ:

- **ئنگلیز، سکۆتلەند و ویڵز:** www.gov.uk/find-a-job
- **باکووری ئیرلەند:** www.jobcentreonline.com/JCOLFront/Home.aspx

## خۆبەخشی

خۆبەخشی دەتوانێت ڕێگایەکی سوودبەخش بێت بۆ بینینی خەڵکی نوێ، بەدەستهێنانی شارەزایی نوێ و ئاشنابوون لەگەڵ ژیانی بەریتانیا. **NCVO** ڕاوێژکاری و ئامرازەکان بۆ پەیداکردنی دەرفەتێکی کاری خۆبەخشی کە گونجاوە بۆ تۆ دابین دەکات.
www.ncvo.org.uk/ncvo-volunteering/i-want-to-volunteer

یان دەتوانیت لەگەڵ **بنکەی خۆبەخشی ناوچەکەت** قسە بکەیت:
www.ncvo.org.uk/ncvo-volunteering/find-a-volunteer-centre

ڕێکخراوە جیاوازەکان دەربارەی دەرفەتەکانی خۆبەخشی زانیارییان هەیە بەڵام هەندێکیش وێبگە هەیە کە دەرفتەکانی خۆبەخشی بەلیست دەکات

- **ئەنجامی بدە (Do It)** www.do-it.org
- **کاری خێرخواز (CharityJob)** www.charityjob.co.uk/Volunteer-Jobs
- **خۆبەخشی گرنگە (Volunteering Matters)** www.volunteeringmatters.org.uk

# دەستگەیشتن بە خزمەتەکان لەسەرهێڵ - خانووبەرە

## چۆن خانوویەک پەیدا بکەم؟

خانووبەرە لە بەریتانیادا ئاڵۆزاوە، و بڕاردەکانت دەتوانێت بە شوێنی ژیانت لە بەریتانیادا وەهەروەها بە باروودۆخەکەتەوە پەیوەندیدار بێت. شێلتر (Shelter) (کە پەناگەیە لە ئنگلیز، سکۆتلەند و ویڵز) و ڕاوێژکاری خانووبەرە لە باکووری ئیرلەند (Housing Advice NI) دەتوانن ئامۆژگاری لەسەر مافەکانت و شایستەییەکانت پێشکەش بکەن ئەگەر پرسیارت لەوبارەوە هەبێت.

- شێلتر (ئنگلیز)
- شێلتر (سکۆتلەند)
- شێلتر سیێرمۆ (Shelter Cyrmu) (ویڵز)
- ڕاوێژکاری خانووبەرە لە باکووری ئیرلەند (باکووری ئیرلەند)

## بە بیروڕای تۆ ئایا وتەکانی خوارەوە ڕاستە یان ناڕاست؟

**1. ئەگەر پارەپێدانی بەگشتی (Universal Credit) وەردەگریت هەمیشە بەش قەرەبووی خەرجی خانووبەرە دەکات.**

ئەگەر پارەپێدانی بەگشتی وەردەگریت، ئاگاداربە لەو ڕاستییەی کە پارەدان بۆ خەرجی خانووبەرە لەلایەن پارەپێدانی بەگشتی سنووردارکراوە، لەبەرئەوە هەتا بەرزترین ڕادەی سنووردارکراو دەتوانیت داخوازی بکەیت، سەرەڕای ئەوەش کە لە خانووی کاونسڵ بێت یان کرێچی جێگەتیاژیانی تایبەتمەندانە بێت. هەروەها ئەگەر لەبارەی بەڕێوەبردنی خەرجی خانووبەرە، قەرز یان کرێی نەدراوە پرسیارت هەبێت دەتوانیت لەگەڵ **نووسینگەی ڕاوێژکاری هاووڵاتی (Citizens Advice Bureau)** یان **ڕاوێژکاری باوکووری ئیرلەند (Advice NI)** قسە بکەیت.

- **نووسینگەی ڕاوێژکاری هاووڵاتی** https://www.citizensadvice.org.uk/housing/renting-privately/private-renting/get-help-with-renting-costs
- **ڕاوێژکاری باکووری ئیرلەند (Advice NI)** www.adviceni.net/advice/debt

**ئەگەر بۆ پارەدانی خەرجی خانوو لەکێشەدایت** دەسەلاتبەدەستی ناوچەکەت لەوانەیە بتوانێت لەڕێگای پارەدانێکی سەرپشکی بۆ خەرجی خانوو یارمەتیت بدات. هەروەها لەوانەیە مافت هەبێت بۆ کەمترکردنەوەی **نرخەکان** یان **داشکاندنی باجی کاونسڵ** (**Council Tax**).

## 2. خانووی کاونسڵ / خانووی سۆشیاڵ (خانوویەک کە دەسەڵاتبەدەستی ناوچەکە خاوەنیەتی) مافی خۆتە و لەبەرئەوە هەمیشە ئەم پشتیوانییە وەردەگریت ئەگەر داوای بکەیت.

نەخێر. دەوڵەت لە هەندێک بارودۆخدا دەتوانێت یارمەتی بدات خانوو بۆ خێزانەکان دابین بکات، بۆ نموونە ئەگەر جێگەتیاژیانەکە قەرەباڵغ بێت، یان لە بارودۆخێکی زۆر خراپدا بێت، یان ئەگەر لەگەڵ مەترسی توندوتیژی یان مەترسی بێماڵبوون ڕووبەڕوو بیتەوە. دەتوانیت زانیاری حکومەتی لەبارەی خانووی کاونسڵ، کە هەروەها بە 'خانووی سۆشیاڵ' ناسراوەیە، پەیدا بکەیت لێرە. www.gov.uk/council-housing

گرنگە بزانیت کە هەر کاونسڵێک یاساوڕێسای تایبەتی خۆی هەیە. ئاساییانە پێویست بەوە دەکات کە بچیتەناو لیستێکی چاوەڕوانی هەروەها کاونسڵەکان ئەوەندە خانوویان نییە کە بەش پێداویستییەکە بکات، لەبەرئەوە مسۆگەرکراو نییە کە خانوو وەردەگریت.

## 3. ئەگەر بێماڵ بیت کاونسڵ دەتوانێت یارمەتی بدات.

ئەگەر بێماڵیت یان وادەزانیت لەوانەیە لە 56 ڕۆژی داهاتوو بێماڵ کەویت، دەتوانیت لەڕێگای نووسینگەی خانووبەرەی دەسەڵاتبەدەستی ناوچەکەت داوای خانووی کاونسڵ بکەیت (دەسەڵاتبەدەستی ناوچەکە بە کاونسڵی ناوچەکەش ناسراوەیە)، یان ئەگەر لە باکووری ئیرلەند ئەژیت، دەتوانیت لەگەڵ جێبەجێکاری خانووبەرە (Housing Executive) پەیوەندی بکەیت. ئەگەر بێماڵ بیت بۆ وەرگرتنی یارمەتی هەندێک مەرج هەیە. بۆ ئامادەکردنی داخوازینامەی بێماڵبوون بۆ وەرگرتنی خانووی کاونسڵ دەتوانیت شوێنی پەیوەندی لەگەڵ نووسینگەی خانووبەرەی دەسەڵاتبەدەستی ناوچەکەت پەیدا بکەیت لێرە:

- ئینگلیز و ویڵز
- سکۆتلەند
- باکووری ئیرلەند

## 4. داواکردنی خانووی کاونسڵ بۆ کەسێک بڕیاری لەسەر دەدرێت کە زۆرترین پێویستی پێبێت.

کاونسڵ (یان جێبەجێکاری خانووبەرە، لە باکووری ئیرلەندا) بڕیار دەدات کە کێ دەتوانێت خانووی سۆشیاڵ وەربگرێت هەروەها کاونسڵ لیستەکانی چاوەڕوانی بەڕێوە دەبات. کاونسڵ بڕیار دەدات کە بەپێی سیستەمی خاڵەکان یان سیستەمی "دەستەکردن"، کە بناغەی لەسەر پێویستە، کێ خانووی پێبدرێت. کاونسڵەکەت یاساوڕێسای خۆی هەیە لەسەرئەوەی کە کێ دەتوانێت داوا بکات و کێ ئەولەوییەتی هەیە. دەتوانیت لە وێبگەی کاونسڵەکەت سەیری بکەیت بزانیت یاساوڕێساکانی کاونسڵەکەت چییە.

**وێبگەی کاونسڵی ناوچەکەت** پەیدا بکە لێرە: **https://www.gov.uk/find-local-council**

**جێبەجێکاری خانووبەرەی باکووری ئیرلەند: https://www.nihe.gov.uk/Housing-Help/Apply-for-a-home**

## 5. کاتێک کە پێویستەکەم بە کاونسڵ ڕابگەیەنم، کاونسڵ هەمووشتێک دەکات و شوێنێکی هەمیشەیی پەیدا دەکات بۆم کە تیادا ژیان بکەم.

دەتوانیت بۆ داواکاری بۆ خانووی سۆشیاڵ ناونووسی بکەیت ئەگەر تەمەنت لەسەروەوەی 16 ساڵ بێت و مافت بۆ ژیان لە بەریتانیادا هەبێت. هەندێک لە کاونسڵەکان ڕێگایەک بە خەڵک پێشنیار دەکەن کە، لەباتی ئەوەی کە بخرێنەناو لیستی چاوەڕوانی، مەزادکردن یان بید بۆ خانووە لەبەردەستەکان بکەن. ئەگەر مافت هەیە و دەتەوێت داوای خانووی کاونسڵ بکەیت، دەتوانیت کرتە بکەیتەسەر ئەم **بەستەرە** و کۆدی پۆستی خۆت لەوێدا بنووسیت بۆئەوەی بزانیت لەکوێ دەتوانیت بۆ خانوو ناونووسی بکەیت و بۆ بەکرێگرتنی خانووەکانی کاونسڵ بید بکەیت.

وەرگرتنی خانووی سۆشیاڵی درێژماوەتر، ڕەنگە چەندین مانگ، یان تەنانەت چەندین ساڵ بخایەنێت، و گەڕان بەدوای خانوو هەروەها بیدکردن لەسەر خانووەکان بەرپرسیاێتی تۆیە. بۆ وەرگرتنی خانووی هەمیشەیی لەوانەیە ماوەیەکی درێژی چاوەڕێکردنی پێویست بێت. لەوانەیە لە جێگەتیاژیانی فریاکەوتنی، وەک شوێنێکی تایبەت بە نووستن و خواردنی ژەمی بەیانی یان لە میوانخانەیەک جێگیر بکرێیت، لە هەمان کاتدا داخوازینامەی بێماڵبوون پێشکەش دەکرێت و پاشان جێگەتیاژیانی کاتییانە هەتا کاتێک کە ڕێگا چارەیەکی درێژماوەتر پەیدا دەکرێت.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە جۆرەکانی بەکرێگرتن لە کاونسڵ، چاککردنەوەی خانووی کاونسڵی، سکاڵاکردن یان کڕینی خانووی کاونسڵ کرتە بکەسەر بەستەرەکانی ئێرە.

**لێکۆڵینەوەی ڕابردوو و ژیاننامە**

*زەهرا لەگەڵ منداڵەکانی بە ڤیزەی یەکگرتنەوەی خێزانی پەنابەر هات بۆ بەریتانیا کە لەگەڵ هاوسەرەکەی ژیان بکات. زەهرا، ئەزانێت کە لە ڤیزەکەیدا ئەو بۆ سامانە گشتییەکان، بریتی لە سامانە پەیوەندیدارەکان بە خانووبەرە، مافی هەیە. ئەوان پێویستیانە خانوویەکی نوێ پەیدا بکەن چونکە هاوسەرەکەی زەهرا ئێستاکە لە خانوویەکی هاوبەش ژیان دەکات، و خێزانەکەی ناچارن لە یەک ژووردا بخەون. ئەوان سەرقەرەباڵغن. زەهرا و خێزانەکەی سەردانی دەسەڵاتبەدەستی ناوچەکە دەکەن بۆ داوای ڕاوێژکاری لەسەر بژاردەکانیان وەهەروەها بۆ داوای یارمەتی کە خانوویەکی نوێ پەیدا بکەن.*

**بە بیروڕای تۆ ئایا دەسەڵاتبەدەستی ناوچەکە دەیەوێت چی بزانێت؟**

**بزانە ئایا لەڕێگای گەڕان بۆ زانیاری لە ئنتەرنێتدا دەتوانیت زانیاری بدۆزیتەوە سەبارەت بە یاساوڕێساکانی کاونسڵی ناوچەکەت لەسەرئەوەی کە هەڵسەنگاندنی بێماڵی کاونسڵ بریتی لە چییە.**

*زەهرا دەزانێت کە کاونسڵ مەجبوور نییە خانوو بە هەرکەسێکی بێماڵ بدات. زەهرا دەزانێت کە بەگشتی، لەسەرانسەری بەریتانیادا، زۆربەی کاونسڵەکان ئەم 5 مەرجەی خوارەوە لەبەرچاو دەگرن.*

- ***دەبێت "یاساییانە" بێماڵ بیت بۆ نموونە،** لە خانوو دەرکرابیت یان بەهۆی توندوتیژی یان ئاگر و هتد ناتوانیت لەوێدا بمێنیتەوە.*
- ***دەبێت لەخۆگری مەرجەکان بۆ سامانە گشتییەکان بیت** پەیوەندبوو بە باری یاسایی کۆچبەری.*
- ***پێویستییەکەت پێشەنگی بێت:** ئەمە دەکرێت خێزانێک بێت کە منداڵی تەمەن ژێر 16 ساڵی لەگەڵدایە، سکپڕی بێت، بێماڵی بەهۆی ئاگر، لافاو یان کارەساتەکانی دیکە بێت یان کەسێک بێت کە بە بەرزیان پۆلێنکراوە (بۆ نموونە، تووشبووی مەترسی دەستدرێژی ناوماڵی).*
- ***بێماڵ بێت بەشێوەیەک کە خەتای خۆتی تیادا نەبێت** بۆ نموونە، ئەگەر بەهۆی ئەنجامدانی کاری تاوانباری یان ڕەفتاری دژەکۆمەڵایەتی لە خانوو دەرکرابیت، یان بە هەڵبژاردەی خۆت خانووەکەت بەجێبێڵیت لەکاتێکدا دەتتوانی زیاتر لەوێدا بمێنیتەوە، ئەمە دەشێت "بێماڵی بەئەنقەستی" بێت.*
- ***پەیوەستێکی ناوچەیی لەگەڵ ناوچەکەدا هەبێت:** لەوێ ژیان یان کار بکەیت، خێزانت لەوێ هەبێت یان لەوێ ژیانت کردبێت کاتێک کە باری یاسایی مافی پەنابەری پێدرابوو.*

*زەهرا دەزانێت کە ئەگەر لەو شوێنەدا کە داوای یارمەتی دەکەن پەیوەستێکی ناوچەییان نەبوایەت، کاونسڵ دەیتوانی خێزانەکە بنێرێت بۆ کاونسڵێکی جیاواز کە لەوێدا پەیوەستی ناوچەیی هەبێت. کاونسڵ ناتوانێت ئەوە بکات ئەگەر لەگەڵ مەترسی دەستدرێژی ناوماڵی ڕووبەڕوو بیت! کاونسڵ خێزانەکەی زەهرا دەخاتەناو لیستێکی چاوەڕوانی و بۆ مەزادکردن لەسەر خانووەکانی کاونسڵ خێزانەکە ناونووسی دەکات. کاونسڵ بە دانپێنانی ئەوەی کە جێگەتیاژیانی خێزانەکە قەرەباڵغە، پێشنیار دەکات کە بیانگوێزێتەوە بۆ جێگەتیاژیانی فریاکەوتنی لە هۆتێلێکدا کە 5 مایڵ دوورترە وەهەروەها خێزانەکە ناونووسی بکات بۆئەوەی بتوانن بۆ خانووی سۆشیاڵ مەزاد بکەن، هەروەها کاونسڵ پێشنیار دەدات کە خێزانەکە دەشێت بۆ بەکرێگرتنی تایبەتمەندانە بگەڕن.*

## جێگرەوەکان بۆ خانووی سۆشیاڵ یان خانووی کاونسڵ

<u>بەکرێگرتنی تایبەتمەندانە</u>

بەکرێگرتنی تایبەتمەندانە دەتوانێت بژاردەیەکی باش بێت و لەوانەیە پەیداکردنی ئاسانتر و خێراتر بێت لە چاوەڕوانیکردن بۆ خانووی سۆشیاڵ. بۆ خانوو بەکرێگرتن لە خاوەنخانووی تایبەتی هیچ پێداویستییەکی مافداری و شایەستەیی پێویست نییە و لە بەریتانیادا بەکرێگرتنی تایبەتمەندانە باوترین ڕێگای بەکرێگرتنی خانووە.

دەتوانیت لەڕێگای گەڕان لەسەرهێڵ شوێنی تایبەتمەندانە بۆ بەکرێگرتن پەیدا بکەیت: زۆرێک وێبگەی بەکرێگرتن هەیە کە لەسەرانسەری بەریتانیادا بەناوبانگە. هەندێک نموونەیان لە خوارەوەیە، یان دەتوانیت لەسەرهێڵ بگەڕێت بۆ "[ناوچەی خۆت] + خانوو بۆ کرێ (house to rent)".

– [زووپلا (Zoopla)]
– [گواستنەوەی دروست (Rightmove)]
– [پاوەری‌مڵک (Propertypal)] **(باکووری ئیرلەند)**
– [ژووری زیادە (Spareroom)]

**ئاسایيانە وێبگەی کاونسلی ناوچەکەت یان وێبگەی جێبەجێکاری خانووبەرە بەسترێکیان تیادایە بۆ وێبگەکانی بریکاری بەکرێدان کە خانووی تایبەتی لەبەردەستیان هەیە.**

ئەگەر پارێپدانی بەگشتی وەردەگریت، لەوانەیە هەندێک خاوەنخانوو یان هەندێک بریکاری بەکرێدان ببینیت کە دەڵێن ناتوانن خانوو بە تۆ بەکرێ بدەن یان لەوانەیە ببینیت لە ڕیکلامی خانووەکاندا دەڵێت "No DSS" (کە بەو مانایە هەر-کەسێک کە پشتیوانی باشبژێوی دەوڵەت وەردەگرێت بریتی لە بێنیفتی کرێ خانوو). ئەمە دوابەدوای دەستوورێکی یاسایی لە ساڵی 2020 لە ئنگلیز و شوێنی دیکەدا دەتوانێت نایاسایی بێت، و دەبێت لەگەڵ شێڵتر یان نووسینگەی ڕاوێژکاری هاووڵاتی قسە بکەیت.

## کۆمەڵەی خانووبەرە (Housing Association)

**کۆمەڵەکانی خانووبەرە** خانوو بە کەسانێک دەدەن کە داهاتی کەمیان هەبێت یان یارمەتی زێدەیان پێویست بێت. دەتوانیت ڕاستەوخۆ، یان لەڕێگای کاونسڵی ناوچەکەتەوە داوای خانوو لە کۆمەڵەکانی خانووبەرە بکەیت. هەروەها دەتوانیت لەسەرهێڵ بگەڕێت بۆئەوەی بزانیت لە ناوچەکەتدا چی لەبەردەستە.

### ئەگەر لە خانووکەتدا پارێزراو نیت

ئەگەر لە ماڵەوە لەگەڵ دەستدرێژی ناوماڵی ڕووبەڕوو دەبیتەوە، یان ئەگەر لە خانووەکەت هەڵهاتوویت چونکە هەست بە ناپارێزراوی دەکەیت دەتوانیت لە فەرمانگەی کاونسڵی ناوچەکەتدا داخوازی بۆ بێماڵبوون بکەیت. کاونسڵ لە جێگەتیاژیانی فریاکەوتنی جێگیرت دەکات یان دەتگوێزێتەوە بۆ پەناگەیەک یان بۆ ناوچەیەکی دیکە کە لەوێدا پارێزراو بیت. بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری سەبارەت بەوەی کە کاراییە پارێزراوەکانی داهاتووت چییە دەبێت لەگەڵ کاونسڵی ناوچەکەت یان لەگەڵ **هێڵیارمەتی نیشتمانی دژە دەستدرێژی ناوماڵی (National Domestic Abuse Helpline)** پەیوەندی بکەیت. ئەگەر هەست دەکەیت مەترسی ڕاستەوخۆ لەسەرتە، هەمیشە بە ژمارەی 999 تەلەفۆن بۆ **پۆلیس** بکە.

ئەگەر هەڵهاتوویت، دەتوانیت لە پەناگەیەکی ژنان جێگەیەک پەیدا بکەیت. پەناگە خانوویەکی پارێزراوە کە دەکرێت لە هەمان ناوچەدا بێت کە ئێستاکە لەوێدا ژیانی دەکەیت و دەشکرێت لەوێ نەبێت.

[پەناگە (Refuge)] و [هێڵیارمەتی نیشتمانی دژە دەستدرێژی ناوماڵی] 0808 2000 247

## پوختە

ئێستا دەبێت بتوانیت کە

- تێبگەیت کە داتای کەسیی تۆ چۆن دەکرێت لەسەرهێڵ بەکار ببرێت
- لە گەڕاندا وێبگەڕەکەت سازگەر بکەیت بۆئەوەی کە لە ئەنجامەکانی گەڕاندا "پارێزراو" بێت، و بە نهێنی و تایبەتی گەڕانی ئنتەرنێت بکەیت و مێژووی وێبگەڕەکەت بسڕیتەوە.
- ماڵپەڕ وەربگێڕیتەوە و زمانەکان لەسەر وێبگەڕەکەت بگۆڕیت
- زانیاری لەسەر بابەتە کلیلییەکان پەیدا بکەیت و بزانیت لە کوێ بگەڕێت بۆ زانیاری زیاتر ئەگەر پێویستت بێت.

